# کێشەی خوێندن و قوتابیان





سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان:

## وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەئاست داواکاری و داخوازییەکانی قوتابیاندا نەبووە



سکرتێری یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان:

## دووبارەبوونەوەی کێشەکانی قوتابیان بەڵگەیە بۆ نەبوونی پێوەندی لەنێوان وەزارەتەکانی پلاندانان و پەروەردەو خوێندنی باڵا




سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان:

## گرانی نرخی خوێندن لەزانکۆ و قوتابخانە ئەهلیەکان نەک تەنیا زیانی بەقوتابیان گەیاندووە بەڵکو زیانی بە بژێوی خێزانەکانیشیان گەیاندووە



سکرتێری گشتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان:

## بۆ ئەمساڵ ئەگەری نەگەڕانەوەی ناوی ١٥ هەزار قوتابی لەزانکۆ و پەیمانگاکان هەیە



جێگری سکرتێر یەکێتی قوتابیانی کلدۆ ئاشوور:

## پێویستە فیدراسیۆنی قوتابیان و خوێندکاران ببێتە پەرلەمانێکی قوتابیان و داکۆکی لەمافەکانیان بکات

قوتابیان توێژە گەنج و گرنگەی کۆمەڵگەن، ئومێدو ئاواتێکی زۆریان هەیە و، زۆر پێداویستی گرنگ هەیە کە پێویستە بۆیان دابین بکرێت، راستە ئەوان دوێنێ و ئەمڕۆش بەرپرسانە مامەڵەیان لەگەڵ دۆزە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو لایەنەکانی ژیان لە کوردستان بەرەو پێشەوە چووە و ئاستی داواکاریی و داخوازییەکانیان روو لەهەڵکشانەو زۆر زیاترە لەوەی هەنگاوی بۆ دەنرێت. ناکرێت دەرگاکان بەرووی داواکاریی و داخوازییەکانی قوتابیاندا والا نەکرێت و گوێیان لێ نەگیرێت، گەنجێك کە تەمەنێکی زۆری لەپرۆسەی خوێندن و فێربووندا بباتە سەر لەکۆتاییدا ئومێدی ئەوەی نەبێت بەرهەمی ماندووبوونەکەی بچنێتەوە. یا نەبوونی پلانی پێشوەختەی وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی وا دەکات کێشەو گرفتەکانی چەند ساڵی رابردوو دووبارە بێتەوە و تا نەکەونە ناو کێشەکەوە بیر لەچارەسەرکردنی نەکرێتەوە. بە بەردەوامیش وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا نکۆڵیان نەکردووە لەبوونی گرفت و ساڵانەش کۆمەڵێك رێنمایی تازە دەردەکرێت کە بەوتەی رێکخراوەکانی قوتابیان پرس و راوێژیان پێ ناکرێت لەکاتێکدا ئەوان نوێنەرایەتی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئەو توێژە دەکەن. دەرئەنجامی سوڕانەوە لەناو بازنەیەکی داخراوی گرفت و کێشەکانیشدا، سەرەنجام قوتابیان دەبنە قوربانی و پرۆسەی خوێندن لای خۆشەویست نابێت و ئەو سیستەمە پێشکەوتووەی کە وەزارەتی پەروەردەش بانگێشەی بۆ دەکات لەبەر خراپی بینایەو قەرەباڵغی پۆلەکان و کێشەکانی دیکەی خوێندن ئاستەنگی دێتە بەردەم.

قوتابیان کە گەنجانی ئەمڕۆ و چارەنووسی داهاتووی نەتەوەکەمانن گەربێتوو لەپرۆسەی ریفۆرم و پەرەپێدانی مرۆیی گرنگییان پێبدرێت و گوێ لەویست و داخوازییەکانیان بگیرێت، دەبنە ڤیزەی وەرچەرخان بۆ گەیشتن بەجیهانی پێشکەوتوو، بەڵام نەبوونی دامەزراوەی پێشکەوتوو کە تێیدا قوتابیان چەمکی نائومێدیان بگۆڕێت بەئومێد و لەگێژاوی گرفتە بەردەوامەکانی ساڵانی رابردوو دەربازیان بێت، ئەوکات هەستی دۆڕاندن و بێزار بوون دەگۆڕێت بە سەقامگیریی و تەمەنێك پڕ لەداهێنان. لەم راپۆرتەی تایبەت بەگوڵان چەند چالاکوانێکی رێکخراوەکانی خوێندکاران و قوتابیانمان دواند بەو ئومێدەی گوێبستی راوبۆچوون و خەمەکانی قوتابیان بین، بەو پێیەی حکومەتی کارا ئەو حکومەتەیە کە دەیەوێت گوێ لە رەخنەو گلەییەکان بگرێت و بڕوای بەئازادی را دەربڕین هەیە و دەیەوێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام سەرکەوتوو بێت.

## قوتابیان نەوەی نوێ و پەڕینەوە بەرەو قۆناغێکی ئارام و خۆشگوزەران

قوتابیان ئەمڕۆ پێداویستیەکانیان زۆر جیاوازترە لەنەوەکانی پێش خۆیان، قوتابیانی ئەمڕۆ واتا نەوەیەکی هەستیار و پڕ لەتموح و ئومێدن، کە تەنیا لەناو دامەزراوەو رێکخراوی پێشکەوتووخوازەوە دەتوانرێت کۆببنەوەو تواناکانیان ئاراستە بکرێت بەرەو بەدیهێنانی خەونەکانیان؛ فاتح مەولەوی زادە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەت بۆ (گوڵان) ئاماژەی بەوە کرد: ((قوتابیان هەستیارترین توێژی ناو کۆمەڵگان و داواکاریی و داخوازییەکانیان لەئاستێکی بەرزدایە، هەربۆیە پێویستە رێکخراوەکانی قوتابیان لەهەرێمی کوردستان لەئاست داواکاریی و داخوازییەکانی قوتابیاندا بێت و، رێگا نیشاندەرێکی باشیش بن بۆ ئەوەی ببێتە پردێکی پێوەندی لەنێوان توێژی قوتابیان و سەرجەم چین و توێژەکان و پارتە سیاسییەکان و دامودەزگاکانی دیکەی کۆمەڵگا. ئێمە وەکو رێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەدرێژایی شۆڕشەکانی گەلەکەمان خزمەتکاری ئەو توێژە گرنگە بووین و قوتابیان لەو قۆناغە سەخت و دژوارانەدا تێپەڕبوون و شەهیدو قوربانیەکی زۆریان داوە، ئەمڕۆش کە نەوەیەك پێگەیشتوون و وەکو مافێکی سروشتی خۆیانە ئومێدو خواستەکانیان بەرزتر بێتەوە، چونکە قوتابیان لەقۆناغێکی نوێ دا گەورەبوون و ژمارەیان زۆر زیادیکردووەو هەندێك جاریش دەکەونە ژێر فشارو هەوڵ دەدرێت بەئایدیۆلۆژیاو بۆچوونی دوور لەویست و داخوازی خۆیان ئاراستە بکرێن، هەربۆیە بیرکردنەوەو بۆچوونی نەوەی نوێی قوتابیان جیاوازە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نەوەیەش وا ئاسان نییە، لەکاتێکدا دەرگاکانی حکومەت والا نییە بۆ نیشتەجێبوون و دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کارو فەراهەمکردنی دادپەروەریی، گرفتەکە لەوەدایە هەندێك لەپارتە سیاسییەکان و کەناڵەکانی راگەیاندن هزر و بۆچوونی گەنجان بەئاراستەیەکی جیاواز دەبەن و رووبەڕووی چەواشەکاریی دەبنەوەو دووریان دەخەنەوە لەبواری نیشتمانپەروەریی و نەتەوەیی)).

## زانکۆ و پەیمانگاکان کادیری پێویستیان بۆ بازاڕی کار پێنەگەیاندووە

لایەنێکی دیکەی گرفتی قوتابیان ئەوەیە کاتێك خوێندن تەواو دەکەن هەردەبێت چاوەڕوانی دامەزراندن بن لە کەرتی گشتی و هەتا ئێستا ئەم بەرهەمە گرنگە نەتوانراوە لایەنی کەرتی تایبەتی پێ دەوڵەمەند بکرێت، ئەمەش لەلایەکەوە رۆژ لەدوای رۆژ هەم ئەرکی حکومەت قورستر دەکات و هەمیش قوتابیان سارد دەبنەوە، سەبارەت بەم گرفتە سەرتیپ عەلی سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەبارەی کێشەو گرفتی قوتابیان بە گوڵانی

راگەیاند: ((ئێمە پێمانوایە وەزارەتی پەروەردە لە قەیرانێکی گەورەدایەو ناتوانێت رووبەڕووی ئەو هەموو کێشەو گرفتە بێتەوە، هەر لەنەبوونی بینایەی خوێندنگاو تاقیگەو شوێنی وەرزش و هونەریی و وێنەکێشان تا نەبوونی مامۆستایانی وانە زانستیەکان، ئەمە جگە لەوەی بوارەکانی ژینگەپارێزی و رۆشنبیری تەندروستی گرنگی پێنەدراوە، بوونی کێشەو گرفتیش لەنێوان مامۆستاو قوتابی هەر بۆ ئەو سیستەمە خراپەی خوێندن دەگەڕێتەوە، ئەمانە هەمووی وایکردووە وەزارەتی پـــەروەردە نەتوانێـــت خوێندکار بەشـــێوەیەکی تەندروســـت پێبگەیەنێت، گرانی نرخی قوتابخانە و زانکۆ ئەهلیـــەکان و بەرزبوونەوەی نرخی وانە وتنەوەی تایبەتی هەمووی کێشەن نەك تەنیا بەرۆکی خوێندکارانی گرتووە، بەڵکـــو زیانی بەلایەنـــی بژێوی ژیانـــی خێزانەکانیش گەیاندووە، لەلایەکی دیکەوە زانکۆ و پەیمانگاکان بەپێی پێویســـت کادیری لێهاتوویان بۆ کەرتی تایبەت و بازاڕی کار پێنەگەیانـــدووە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشـــەیەکی گەورەیەو پێویســـتی بەهەڵوەستەی گەورە هەیە، هەروەها بەشـــە ناوخۆییەکانی خوێندکاران جگە لەوەی سەلامەی تەندروستییان نییە، هاوکات ژمارەشیان بەپێی زیادبوونی خوێندکارەکان و پێداویستیەکانیان نییە)).

هەروەها ســـەبارەت بە هـــۆکاری وەرنەگرتنی ژمارەیەك لەخوێنـــدکاران لەزانکـــۆ و پەیمانـــگاکان، ســـکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردســـتان وتـــی: ((نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانســـتی هۆکاری ســـەرەکی مانەوەی گرفتی وەرنەگرتنـــی قوتابییانە لەزانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان)).

## ئەگەری نەگەڕانەوەی ناوی ژمارەیەکی زۆری قوتابیان بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان هەیە

سەبارەت بەبوونی کەموکوڕیی لە پێکهێنەرە سەرەکیەکانی پرۆسەی پەروەردەدا، ئەحمەد ئەسکەندەر سکرتێری گشتی رێکخـــراوی گەشـــەپێدانی قوتابیانی کوردســـتان وتی: ((هەرســـێ پێکهاتەی سەرەکی (مامۆســـتا- قوتابیان – پرۆگرام) بـــەدەم کۆمەڵێـــك کەمتەرخەمیەوە گیریان خـــواردووە و بە بـــەردەوام لەقەیرانـــدان، چونکە لەلایەك پرۆگرامەکان بێ پلانی ورد و زانستی لەماوەیەکی کەمدا دەگۆڕێت و کادیرو مامۆســـتاش ئامادەنەکراوە، لەلایەکی دیکەیشـــەوە بەردەوامی گرفتەکانی بەشە ناوخۆییەکان و کۆنی و نەبوونی بینایـــەی قوتابخانەکان و کەموکوڕیی لەدابینکردنـــی پێداویســـتیەکانی تاقیگـــەکان و کەمی مامۆستا ئەوەندەی دیکە کێشـــەی لەبەردەم پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو هەبووەو خوێندن تەنیا بووەتە بەدەستهێنانی بڕوانامەو هەندێك بنەمای سەرەتایی فێر بووە. بگرە زۆر جار خراپی بەشـــە ناوخۆییەکان بووەتە هۆی کەوتنەوەی ئاگر و زیانی گـــەورەی لێکەوتۆتـــەوە، چونکە لایەنی تەندروستی و ســـەلامەتی تێدا رەچاونەکراوە. ئەمە جگە لەبەردەوامبوونی کێشە ســـەرەکیەکەی قوتابیان کە خۆی لەنەگەڕانەوەی ناو و وەرنەگرتنی قوتابیان و خوێندکاران دەبینێتەوە، بۆ ئەمســـاڵی خوێندنیش ئەگەری ١٥ هەزار قوتابی هەیە ناوەکانیان نەگەڕێتەوە)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و ســـەبارەت بە سیستمی پەروەردە، سکرتێری گشـــتی رێکخراوی گەشـــەپێدانی قوتابیانی کوردســـتان لە درێژەی لێدوانەکەیـــدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەوەکرد: ((کاتێك سیستەمی خوێندن تواناو حەزی قوتابیان لەبەرچاونەگرێت ئاستی زانستیان دادەبەزێت و لەدوارۆژدا ســـوودیان لێوەرناگیرێـــت و زیان بەهەیبەتی زانســـتی و رێزگرتنی زانســـتخوازانەیان دەگەیەنێت. پێویستە هەوڵ بدرێت زانکۆی نوێ و بەشی نوێ لەکۆلێژ و پەیمانگاکان بکرێتەوە و گرنگـــی زیاتر بەزانکۆ ئەهلیەکانیش بدرێت. بەمشـــێوەیە ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت گەنج سەرچاوەی بنەڕەتی چاکســـازیی و گۆڕانکارین، پێویســـتە هەوڵ بدرێت گەنـــج لەنائومێدی و بێ هیوایـــی رزگاربکرێت و کێشـــەکانیان بۆ چارەســـەر بکرێت، بەتایبەتی کێشەی خوێندن و نیشـــتەجێبوون و دەربازبوونیـــان لە بێکاری و هەژاریی)).

## نەبوونی پلان
## کاریگەری لەسەر پێگەیاندنی قوتابیان هەیە

نەبوونی پـــلان بۆ خوێندنی باڵا و ئاســـتەکانی دیکەی خوێندن هەموو جۆرە لاسەنگیەکی دروستکردووە و ناتوانرێت بشـــارێتەوە، سەبارەت بەم لایەنە رێبوار ئەحمەد عەوێنەیی ســـکرتێری یەکێتی گشـــتی قوتابیانی کوردســـتانیش لەلێدوانێکـــی تایبـــەت بۆ گـــوڵان ئاماژەی بـــەوەدا و وتی: ((پێم ســـەیرە وەزارەتێك بەناوی وەزارەتی پلاندانان لەنـــاو حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هەبێت کەچی بۆ پرۆســـەی خوێندن پلانی نەبێت، چونکە دووبارەبوونەوەی کێشـــەکان بەڵگەیەکی حاشـــاهەڵنەگرە لەنەبوونی پلان و نەبوونی پێوەندی لەنێوان وەزارەتەکانی پلاندانان پەروەردەو خوێندنی باڵا، هەربۆیە ساڵانە کێشەکانی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی قوتابیان و کەموکورتی بەشە ناوخۆییەکان دووبارە دەبێتەوە، بۆ دەبێت بەکەلتووری کۆن مامەڵە لەگەڵ نەوەی نوێ بکرێت، ئەوەتا مووچەی مامۆستایەکی زانکۆ زیاتر لە ٥ ئەوەندەی فەرمانبەرێکی مووچەخۆرە کەچی تا ئێســـتا قوتابیەکیان بەرەو داهێنـــان نەبردووە، ئەمەش گرفتکی گەورەیە و گرنگترین فاکتەری ســـەرەکی ئەم پرۆسەیە فەرامۆشکراوە کە توێژی قوتابیانە)).

## کێشە بەشە ناوخۆییەکان

ئەمیر حەمەد مســـتەفا بەرپرســـی ناوەنـــدی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەولێری رێکخراوی قوتابیانی کوردســـتان



هەمان بۆچوونی هەبوو بەوەی هەست دەكرێت پێوەندی نێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی سست و لاوازە و گرفت و كێشەكان دووبارە دەبنەوە، لەم رووەوە وتی: قوتابیان لەزۆر لایەن هەست بەپشتگوێخستن و كەموكوڕی دەكەن، ئەوەتا بەشە ناوخۆییەكانیان و بوارەكانی دیكەی خزمەتگوزاریی بەپێی ژمارەو رێژەی قوتابیان نییە، پێش چەند ساڵێك لەژووری بەشە ناوخۆییەكان ٢-٤ قوتابی تێدابوو ئێستا بۆتە ٥-٦ قوتابی؛ ئەمە جگە لەخراپی كوالێتی بەشە ناوخۆییەكان و تەنانەت لەناو گەڕەكەكاندا بەشی ناوخۆیی كچان دانراون لەلایەكی دیكەوە هاتوچۆكردنی قوتابیان بۆ زانكۆ و پەیمانگاكانیان زۆر قورس و گران رادەوەستێت لەسەر توێژێك كە زۆربەیان توانای ماددییان نییە. ئێستاكە بەهۆی نەبوونی پێوەندی و پلانەوە لەنێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی زۆر بەدەگمەن داهێنان لەناو زانكۆكاندا دەبینرێت و ئاستی زانست و خوێندن تارادەیەكی زۆر چەقی بەستووە، ئەمەش بۆ نەرەخساندنی كەش و زەمینەیەكی لەبار دەگەڕێتەوە.

**رێكخراوەكان و هەستكردنیان بە كێشەكانی قوتابیان**

رێكخراوەكانی قوتابیان پێش دەستپێكی خوێندن هەستیان بەكەموكوڕی و كێشەكان كردووە، تەنانەت لەمانگی ئەیلوولی ٢٠١٣ لەیاداشتنامەیەكی یەكێتی قوتابیانی كوردستان كە ٨ خاڵی لەخۆگرتبوو ئاراستەی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی كردبوو، تێیدا سەرجەم گرفتەكانیان خستۆتەڕوو هەر لە(سیستەمی پەڕینەوە و دیاریكردنی تەمەنی قوتابیان بۆ خوێندنی ئێواران تا پەڕینەوەی قوتابیانی قۆناغی چوارەمی زانكۆكان و دیاریكردنی رێژەی كەمی وەرگرتنی قوتابیان لەزانكۆ ئەهلیەكان..) سەبارەت بەم گرفتانە فاتح مەولەوی زادە سكرتێری یەكێتی قوتابیانی كوردستان وتی: ((رێكخراوی یەكێتی قوتابیانی كوردستان هەر لەدەستپێكی ساڵی نوێی خوێندنەوە هەستی بەكەلێن و دژواریەكانی خوێندن كردوو كۆمەڵێك هەنگاوی لەمبارەیەوە ناوە، تەنانەت بەرزكردنەوەی رێژەی وەرگرتنی قوتابیان لەساڵی ٢٠١١ لەسەر داواكاری ئێمە بوو كەبووە هۆی وەرگرتنی ١٠ هەزار قوتابی لەزانكۆ و پەیمانگاكان ئەوانەی شانسیان پێنەدرابوو وەربگیرێن. بەشێوەیەكی گشتی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی نەیانتوانیوە لەگەڵ ئەو زیادبوونەی رێژەی قوتابیان و بەرزبوونەوەی داخوازی و تموحاتەكانی قوتابیان پەرە بەبەرنامەو پرۆژەو كارەكانیان بدەن، لەكاتێكدا ئەركی سەرشانی حكومەت و وەزارەتە پێوەندارەكانێتی كەشوهەوایەكی خوێندن و نیشتەجێبوون و دابینكردنی پێداویستیەكانی دیكەی خوێندن دابین بكات. چونكە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی قوتابیان داواكارییەكانی قوتابیانیش زیاد دەكات و گۆڕانكاری جۆریی بەسەردا دێت، تەنانەت گرفتەكان زیاتر ئاڵۆز دەبن كاتێك گرفت و كێشەیەك روودەدات ئەو كات ئەم دوو وەزارەتە بیر لەچارەسەركردن دەكەنەوە واتا پلانی پێشوەختە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەگەرەكان نییە بۆ ئەوەی ساڵانە ئەم گرفتانە دووبارە نەبنەوە، بۆ نموونە كێشەی (عبور) لەزانكۆی كوردستان كێشەی عبوریان هەیە چونكە پابەند نین بە رێنماییەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی تەنانەت ئەمساڵ قوتابیان چەندین خۆپیشاندانیان كردووە بۆ ئەوەی عبور بكرێتە دوو وانە تەنانەت زۆربەی زانكۆكانی كوردستان خاوەنی كەمپی زانكۆیی نین ئەمە جگە لەوەی زیاتر گرفتمان لەسیستەمی خوێندنیش هەبووە و ساڵانە قوتابیانی پیشەیی و قۆناغی نۆیەم داواكارییان هەیە بەتایبەتی رێگا پێدانیان بۆ ئەوەی لەزانكۆكان درێژە بەخوێندنی خۆیان بدەن، پێویستە وەزارەتی پەروەردە پلانێكی باشتر بۆ خوێندنی پیشەییەكان دابنێت و لەخوێندنی زانكۆ و پەیمانگاكان قوتابیان بێبەشیان نەكات و پشتگوێیان نەخات. لەلایەكی دیكەوە زۆر لەبڕیارەكان لەساڵی رابردوو راناگەیەنرێت كە جێبەجێ دەكرێت، بەڵكو



لەهەمانساڵدا جێبەجێ دەکرێت و نارەزایەتی لەناو قوتابیانی لێدەکەوێتەوە.

بۆ ئەمساڵ پێشبینی ئەوە دەکەم ئەگەر بێتوو پرۆژەی نوێ بۆ بەشە ناوخۆییەکان دروست نەکرێت و لەبەرامبەردا ژمارەی قوتابیان روو لەزیادبوون بکات، ئەوکات گرفتەکە ئاڵۆزتر دەبێت، مەودای جێبەجێکردنی کەمپی زانکۆی سەلاحەدینیش زۆرەو چارەسەری خێرای کێشەکە ناکات گەربێتوو خێرایی لەجێبەجێکردنی پرۆژەی کەمپەکە نەکرێت)).

هەر لەم رووەوە و سەبارەت بە چالاکی رێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران سەرتیب عەلی سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان وتی: ((ئێمە پێمان باشە بەهیچ شێوەیەك بەربەست لەبەردەم نوێنەرانی رێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران دانەنرێت و دەرفەتیان بەیەکسانی پێبدرێت، پێشمان باشە لەمبارەیەوە رێنمایی هەبێت و کاری پێبکرێت، چونکە قوتابیان ئازادن و رێکخراوەکانیش مادام لەچوارچێوەی یاسادا کار دەکەن دەبێت ئەوانیش ئازاد بکرێن و پێوەندییەکانی نێوان قوتابیان و لایەنی پەروەردەو خوێندن بەهێزتر دەبێت)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەفیدراسیۆنی رێکخراوی قوتابیان و خوێندکارییەکانیش، تونی جونسن جێگری سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کلدو ئاشوور بەگوڵانی راگەیاند: ((لەلایەن راگرایەتی کۆلێژ و پەیمانگاو وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیەوە بەپێی پێویست هاوکاری نوێنەرانی قوتابیان کە رێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکارانە ناکرێن، کاتی ئەوەهاتووە هەموو رێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران لەپێناو چێبەجێکردنی خواست و ویستەکانی قوتابیان و خوێندکاران لەژێر چەتری فیدراسیۆنەکەیان دووبارە کۆببنەوەو چالاك بن، چونکە فیدراسیۆنەکە سست بووەو چالاکی کەمبۆتەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە هەموو لایەنەکان لەماوەی رابردوو سەرقاڵی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بوون و ئێستاش سەرقاڵی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەبن، ئێمە ئومێدمان زۆرە فیدراسیۆن ببێتە پەرلەمانێکی بچووك بۆ قوتابیان و یەك دەنگیان، بەڵام بەداخەوە فیدراسیۆن ناوێکی گەورەو گوندێکی وێران بوو، پێویستە نوێنەرانی فیدراسیۆن لەهەموو کۆلێژ و پەیمانگاو قوتابخانەکان هەبن بۆ ئەوەی ببنە چەترێك بۆ سەرجەم قوتابیان و خوێندکاران بێ جیاوازی)).